http://dx.doi.org/10.26750/jru.1005

# ڕۆڵی زانا کوردەکانی جەزیرەی بۆتـان" ئیبن عومەر" لە گەشەدان بە زانستەشەرعیەکان لەماوەی سەدەکانی ٤ك/١٠ ز هەتـا ١٠ك/ ١٦ز

**د. بهمن صالح محمد**
**زانکۆی سلێمانی**
**کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت**
**بەشی زانستە کۆمەلآیەتیەکان**

**کورتەی توێژینەوە**

جزیرەی بۆتان "ئیبن عومەر" ڕۆڵی گرنگی خۆی لە مێژووی کوردا بینیوە و هەر لەسەرەتای پڕۆسەی فتوحات لە ناوچە کوردیەکان و دواتر دروستبوونی دەسەلآتە ناوخۆییەکان ئەم ناوچەیە هەمیشە دەنگ و ڕەنگێکی ئامادە و چالاك بووە و توانیوێتی لە زۆربەی بوارە ژیاریێکاندا جێ پەنجەی خۆی بنەخشێنێت، کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیەکی خێرا دەدەین بەو ڕۆڵەی کە زانایانی بواری زانستە ئیسلامیەکان لە ناوچەکە بینیویانە کە زۆرجار بونەتە سەرمەشقێك نەك تەنها بۆ ئەو ناوچانەی کە کوردی تیا نیشتەجێ بوە بەڵکو بۆ ناوچەکانی تری جیهانی ئیسلامیش. هەر کەسایەتی و بابەتێك کە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێدراوە ئاتاجی لێکۆڵینەوە و بەدواچونێکی سەربەخۆیە، کە هیواداریین ئەمەی کە ئێمە ئاماژەمان پێداوە ببێە هەوڵێك لە پێناو زیاتر ئاشناکردنی خوێنەری کورد بەو کەسایەتی و بابەتانەی کە تا ئێستا وەکو پێویست لایان لێ نەکراوەتەوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**یەکەم: بنەچەی ناو و دیاریکردنی سنووری جوگرافی:**

شاری جەزیرەی بۆتان" ئیبن عومەر" بەناوی دروستکەرەکەیەوە ناونراوە کە حەسەنی کوڕی عومەری کوڕی خەتابی تەغلبی بووە و لەساڵی ٢٠٠ك لەسەردەمی خەلیفەی عەباسی مەئمون دروستی کردوە(١) .

بەڵام هەندێك لە سەرچاوە ئیسلامیەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە مێژووی سەرەتاکانی دروستکردنی شارەکە دەگەڕێتەوە سەردەمی نوح پێغمبەر "سەلامی خوای لێبێت"(٢) ، ئیبن شەداد دەڵێت کە پێش ئەوەی لەلایەن ئیبن عومەرەوە ئەم شارە دروست بکرێت ناسرا بوو بە جەزیرەی کوردەکان(٣).

ئەم شارە لە سێ لاوە بە ئاو دەورە دراوە بۆیە بە جەزیرە ناوی دەرکردوە(٤)، و ئاوی دیجلەش دەکەێتە نێوانی جەزیرە و شاخی جودی(٥) .

ئەم شارە لە ئێستادا دەکەوێتە ناوچە کورد نشینەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا ، هاوسنوور لەگەڵ ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی سوریا ، لەڕۆژهەڵاتیەوە و بەدوری ٤٥کم شاری زاخۆیە، و لە باکوریەوە شاخی جودی و شاری شەرناخە، و لای ڕۆژئاوایەوە شاری هەزخە ، و لەباشوریەوە شاری نەسیبەینە کە نزیکی شاری قامشلیەبەدوری ٩٠کم (٦).

**دووەم:هۆکاری گەشەکردنی بزاڤی زانستی:**

پێش ئەوەی کە بچینە ناوەڕۆکی باسکردن لەو زانستە شەرعیانەی کە لەناوچەکەدا لەلایەن زانایانی ناوچەکەوە گرنگی پێدراوە و گرنگترینی ئەو کەسایەتی و زانایانەی لەو بوارەدا دەرکەوتن باس بکەین، گرنگە بەشێوەیەکی گشتی ئەو هۆکارانە بخەینە ڕوو کە بونە هۆکاری سەرەکی بۆ سازکردنی ئەو بارودۆخی زانستیە کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێ بدەین:

---

(١) بروانە: ياقوت الحموي، أبي عبد الله شهاب الدين ياقوت بن عبد الله الحموي الرومي البغداي ( ت٦٢٦ هـ/١٢٢٨م )، معجم البلدان، دار أحياء التراث العربي، بيروت، د.ت، ج٢، ص٢٧٥، ابن شداد، عز الدين محمد بن علي بن ابراهيم( ت٦٩٤هـ)، الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة، تحقيق دمينك سورديلي ، المعهد الفرنسي( دمشق ١٩٥٣م) ، ص١٤٨.

(٢) بروانە: المقدسي ، أبو عبد الله محمد بن أحمد البشاري(380هـ/ 990/م )، أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم ، ط:١ مكتبة مدبولي القاهرة، ١٤١١هـ/١٩٩١م، ص١٣٩.

(٣) بروانە: الاعلاق الخطيرة ، ص١٤٨.

(٤) بروانە: ياقوت الحموي، معجم البلدان،ج٢، ص٢٧٥، ابن بطوطة ، أبو عبد الله محمد بن ابراهيم اللواتي(ت ٧٧٩هـ)، رحلة ابن بطوطة، ط ١، دار صادر، بيروت ٢٠٠١م، ص١٣٧-١٣٨، لسترنج، كي، بُلدان الخلافة الشرقية، نقله الى العربية بشير فرنسليس و كوركيس عواد، ط ١، مطبعة بغداد، بغداد، ١٣٧٣هـ/ ١٩٥٤م، ص١٢٣ .

(٥) بروانە: المقدسي، احسن التقاسيم ، ص٤٩.

(٦) بروانە: صابان، سهيل، جزيرة ابن عمر في التاريخ و الحضارة، مجلة فيصل، عدد ٢٩٣، شباط ٢٠٠١م، ص٤٤ .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**أ- ئاینی ئیسلام:**

**گومان لەوەدا نیە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هانی مرۆڤ دەدات بۆ بیرکردنەوە و هەوڵدانی تەواو بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی زانست و زانیاری و دورکەوتنەوە لە نەفامی و نەخوێندەواری کە ئەم چەمکانەش لە چەندەها ئایەت و فەرمودەی پیرۆزدا داکۆکی لێ دەکرێت، وەکو ئەوەی کە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ﴾ (٧)، کە بەسەرنجدانێکی ورد لەم ئایەتە ئەوە دەردەخات کە شارەزابوون لە ووشەی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ کە هەنگاوی یەکەمی چوونە ناو ئەم ئاینەیە پێویستی بە زانیاری هەیە. نەك هەر ئەوەندە بەڵکو کەسانی زانا لە ئیسلامدا پلەو پایەیەکی گەورە و شکۆداریان هەیە وەکو لە ئایەتێکدا خوای گەورە ئەفەرموێت ﴿ يرفعِ اللهُ الذين آمَنُوا مِنكُم و الذينَ أوتُوا العِلمَ دَرَجَاتٍ وَ اللهُ بِمَا تَعمَلُونَ خَبِير ﴾(٨)، وە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت ﴿ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴾ (٩). ئەمە جگە لەوەی کە یەکەم ئایەت کە دابەزی تیایدا فەرمان بە خوێندن دەکات (١٠).**

**هەروەها فەرمودەکانیش " کە سەرچاوەی دوهەمە لە ئاینی ئیسلامدا لەدوای قورئانی پیرۆز" داکۆکی لەو پلەو پایە گرنگ و رێزدارە دەکەنەوە کە کەسانی زانا و زانستخواز هەیانە ، وەکو ئەوەی لە هەردوو کتێبی باوەرپێکراو بوخاری و موسلیم هاتوە کە دەفەرموێت(من يرد الله به خيراً يفقهه في الدين)(١١) . هەروەها لە فەرمودەیەکی تردا هاتوە دەفەرموێت (العلماء ورثة الأنبياء)(١٢).**

**ناوچەی جەزیرەی بۆتانیش "ئیبن عومەر" هەروەکو سەرجەم ناوچەکانی تری جیهانی ئیسلامی کاتێك کە ئەم ئاینەی پێگەیشت کەوتە ژێر کاریگەری بنەماو فەرمانەکانی ئەم ئاینەوە و بەڵکو خۆشیان بوونە کۆڵەکەیەکی گەورە بۆ ڕاگرتنی زانستە جۆراو جۆرەکانی ئیسلام ، و بەکاریگەری ئەم ئاینە چەندان زاناو بیرمەندی گەورە لەناوچەکەدا پەیدا بوون کە بوونە ئەو دەستە ناوازە و چاکانەی کە ئایەت و فەرموودەکان وەسفیان دەکات.**

**لەبەر ئەو کاریگەریە گەورانەی باسمان کرد ئەم ئاینە بوە هۆکاری سەرەکی و لە پێشینە بۆ دروستبوونی ئەو بزافە زانستیە گەورەیەی کە لەناوچەی بۆتان " ئیبن عومەر " دروست بوو.**

---

**(٧) سورة محمد. الآية ١٩.**

**(٨) سورة المجادلة. الآية ١١.**

**(٩) سورة الفاطر. الآية ٢٨.**

**(١٠) مةبةست لة ئايةتى ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ﴾سورة العلق. الآية ١.**

**(١١) بروانە: البخاري، ابي عبد الله محمد بن إسماعيل بن ابراهيم، (ت ٢٥٦ / ٨٦٩م) ، صحيح البخاري، ترقيم وترتيب: محمد فؤاد عبدالباقي، ط١، دار ابن الهيثم، القاهرة ، ١٤٢٥ / ٢٠٠٤م، ص٢٠، حديث رقم ٧١، مسلم،ابي الحسين مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري (ت ٢٦١ / ٨٧٤م )، صحيح مسلم،ترقيم ووضع الفهارس : محمد بن نزار تميم و هيثم بن نزار تميم، ط١، دار الأرقم بن أبي الأرقم، بيروت، ١٤١٩ /١٩٩٩م ، ص٤٦٠، حديث رقم ٢٣٥٣.**

**(١٢) بروانە: ابن حجر العسقلاني، شهاب الدين احمد بن علي بن محمد بن محمد(ت٨٥٢ / ١٤٤٨م)، فتح الباري في شرح صحيح البخاري ، تحقيق محمد فؤاد عبد الباقي و محي الدين الخطيب، دار المعرفة، بيروت، ١٣٧٩هـ، ص٢١٧، عبد اللطيف، حسن صبحي احمد، أحكام المواريث في الشريعة الإسلامية، مطبعة النهضة العربية-١٩٧٦، ج١، ص٥.**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ب- ڕۆڵی میر و دەسەلأتداران لە بەرەوپێش بردنی زانستدا:**

بزاڤی زانستی لە جەزیرەی بۆتان" ئیبن عومەر" لەماوەی سەردەمە یەك لەدوای یەکەکانی مێژووی ئیسلامیدا پێشکەوتنی دیاری بەخۆوە بینی، و میر و دەسەلأتدارەکانی ناوچەکەش ڕۆڵی گەورە و بەرچاویان لەو بەرەوپێش بردنەدا هەبوو، و لەبەر ئەوەی ئەو دەسەلأتدارا ناوچەییانەی لە جەزیرەدا هەبوون وەکو نوێنەرێکی خەلیفە بوون هەم لە ڕووی کارگێریەوە و هەم لەڕووی ئاینیشەوە، بۆیە ئەمان لەهەردوو ڕوەکەوە خۆیان بە بەرپرسی بوژانەوەی لایەنی زانستی دەزانی بەتایبەتی کە لەو ماوانەی کە ئەم توێژینەوەیە باسی دەکات سەردەمانێك بوو کە گرنگیدان بە زانستە شەرعیەکان پایەیەکی گەورە بوو لەو کۆڵەکانەی کە درێژەی بەماوەی فەرمانڕەواکان دەدا و هۆکارێکیش بوو بۆ باشتر بەرێوەبردن، و سەرکەوتووبون بەسەر زۆربەی ئەو کێشانەی لە بەرێوەبردنی ناوچەکەدا ئەهاتە پێشیان[١٣]، وەك وتراویشە " مرۆڤەکان لەسەر ئاینی میر و دەسەلأتدارەکانیانن"[١٤]، کە ئەمەش ڕۆڵی گەورەی لە گەشانەوەی لایەنی زانست و زانیاری لە ناوچەکەدا هەبوو، و هەندێك لەو لێپرسراو و میرانە بەشداری ڕاستەوخۆیان لە پاڵپشتی زانا و زانستخوازاندا هەبوو، جا ئەمە چی لە ڕێی دامەزراندنی دامەزراوەی زانستی، یاخود لەڕێی پاڵپشتیکردنیەوە بێت ، یاخود لەڕێی بەشداریکرنیانەوە لە هەوڵە زانستی، و ڕۆشنبیریەکانەوە بوبێت، کە زۆرێك لەو دەسەلأتدارانە هانی زانایان و ئەدیبان و نوسەرانیان دەدا[١٥].

فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی دۆستەکی ( مەروانی )٣٢١-٤٨٩هـ/ ٩٣١-١٠٩٥م [١٦] کە ناوچەکانی جەزیرە کەوتبوە قەڵەمڕەویانەوە ڕۆڵی گەورەیان لە پاڵپشتیکردن و هاندانی بزاڤی زانستی لەناوچەکەدا داوە و زۆربەی کات زاناکانی ئەم میرنشینە پلەو پایەی شایستەی خۆیان لەم میرنشینەدا پارێزراو بوە، و ڕێزی زانایان و فەقیهەکانی ناوچەکەکەیا گرتوە کە ئەمە نەك تەنها هاندانێکی گەورە بۆ زانایانی ئەم ناوچەیە، بەڵکو هۆکارێك بوو کە لەناوچەکانی تریشەوە زانایان روو بکەنە ئەم ناوچەیە[١٧] ، بەتایبەتی لە کاتێکدا بزانین لەسەردەمیاندا ئارامی و

---

(١٣) بروانە: د. طارق فتحي سلطان، مقدمة في الحركة العلمية في المشرق الاسلامي، ط ١، دار الشؤون الثقافية العامة، آفاق عربية، بغداد، ١٩٨٩م، ص١٢.

(١٤) بروانە: ابن كثير، عماد الدين أبو الفداء اسماعيل بن عمر بن كثير الدمشقي ( ٧٧٤هـ / ١٣٧٢م )، البداية والنهاية، خرج أحاديثه أحمد بن شعبان بن أحمد و محمد بن عبادي بن عبد الحليم، ط ١، مطبعة الصفا، القاهرة، ١٤٢٣ هـ / ٢٠٠٣م، ج٩، ص١٣٦.

(١٥) بروانە: آكو برهان محمد، الحياة العلمية في دياربكر و جزيرة ابن عمر من القرن ٥-٧ هـ/ ١١-١٣م، رسالة ماجستير المقدمة الى كلية الآداب ، جامعة صلاح الدين، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠٠م، ص٤١.

(١٦) بروانە: ابن الأثير، عز الدين أبي الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبد الكريم بن عبد الواحد الشيباني ( ت ٦٣٠ هـ / ١٢٣٢م )، الكامل في التاريخ، تحقيق ابي الفداء عبد الله القاضي، ط ٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤١٥ هـ / ١٩٩٥م، ج٧، ص١١٨، بەدلیسی، میر شەرەف خان، شەرەفنامە، وەرگێڕانی هەژار موکریانی، چ ٦، پەخشانگای پانیز، تەهران،٢٠١٠ز، ل٢٢

(١٧) بروانە: التكريتي، محمود ياسين، الامارة المروانية في ديار بكر و الجزيرة، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٠م، ص١٩٥.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئاسایش باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو وە ئەم بارودۆخەش زەمینەیەکی لەباری لە بوژانەوەی ئابوری و برەودان بە ئاوەدانی دروست کردبوو [١٨] .

ئیبن ئەسیری جزری لە باسکردنی یەکێك لە میرانی دەوڵەتی دۆستەکیدا کە میر نەسر دەولە ئەحمەد کوڕی مەروان[١٩](٣٦٧ - ٤٥٣ ك / ٩٧٧ - ١٠٦١ ز ) بوە دەڵێت : " زانایان سەردانیان دەکرد وە لەو زانایانەی کە چوونە لای و پێشوازی کردن زانا ئەبو عەبدولای کازرۆنی[٢٠] بوو کە لەسەر دەستیدا ڕێبازی شافعی لەدیار بەکر بلاْوبوەوە"[٢١] ؛ هەروەها ئەم میرە هەستاوە بەناردنی وەزیرێکی خۆی بەناوی ئەبو نەسر مەنازی بۆ شاری قوستەنتینیە بە مەبەستی هێنانی کتێب و سەرچاوەی نایاب و دانانیان لە مزگەوتە گەورەکانی ژێر دەسەلاْتەکەی[٢٢] .

لەدوای کۆتایی هاتنی دەسەلاْتە ناوچەییەکانیش، و لە کاتێکدا کە ناوچەی جەزیرە لەلایەن دەسەلاْتدارانی عوسمانیەکانەوە حوکمرانی دەکرا، هەندێك لە سوڵتانەکانی عوسمانی گرنگیان بە پێشکەوتنی لایەنی زانست و زانیاری دەدا، و پاڵپشتی زانایانیان دەکرد و هەوڵی بەرەوپێشبردنی بنکە زانستیەکانیان.

زۆرجار سوڵتانەکانی عوسمانی هەوڵیان داوە کە منداڵەکانیان بە پەروەردەیەکی زانستی و شەرعی ڕابهێنن و گەورەترین زانایانی سەردەمیان بانگهێشت کردوە کە بێتە کۆشکەکانیان و منداڵەکانیان لە زانست و زانیاریەکانیان بەهرەمەند بن . بۆ نموونە خەلیفەی عوسمانی سوڵتان بایەزید کوڕی موراد خان (٧٦١ – ٨٠٣ک /١٣٦٠–١٤٠٣ز) بانگهێشتی زانای گەورەی جەزیرە " أبو بكر ئەحمەد کوڕی محمد کوڕی محمد جەزیرەیی " کرد و لەناو کۆشکی سوڵتاندا وانەی بە محمد جەلبی (٧٨١– ٨٢٤ ک / ١٣٨٧– ١٤٢١ز) کوڕی خەلیفە دەوتەوە کە دواتر ئەم محمدەش بوە بە خەلیفەی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها سوڵتان محمد خان کوڕی موراد خان (٨٥٦- ٩١٨ك/ ١٤٥٢ - ١٥١٢ز) پەیوەندی زۆر دۆستانەی بە زاناکانی سەردەمیەوە هەبوو و ڕێز و پایەبەرزیەکی زۆری بۆ دادەنان هەر بۆ نمونە هەستا بە ڕیزگرتنێکی زۆر لە خانەوادەی زانای پایە بەرز ئەبو

(١٨) بروانە: عبد الرقيب يوسف، الدولة الدوستكية ، ج٢، ص٢٥٣.

(١٩) بروانە ژیاننامەکەی لە : ابن كثير، البداية والنهاية، ج١٢، ص٧٥، ابن العماد الحنبلي، أبي الفلاح عبد الحي بن العباد ( ت ١٠٨٩هـ / ١٦٧٨م )، شذرات الذهب في اخبار من ذهب، تحقيق: محمود الأرناؤوط، ط: ١، دار ابن كثير، دمشق – بيروت، ١٤٠٦ هـ / ١٩٨٦ م، ج٥، ص٢٢٥، الزركلي، خير الدين، الاعلام قاموس تراجم لأشهر الرجال والنساء من العرب والمستعربين والمستشرقين، دار العلم للملايين، بيروت، ١٤٠٩هـ/ ١٩٨٨م، ج١، ص٢٥٦.

(٢٠) ناوی محەممەد کوڕی سنان کوڕی محەممەد کازرۆنیە، زاناو شارەزای بواری فیقهی و پێشەوای زانایانی ئامێدی بووە، لەساڵی ٤٥٥ك/ ١٠٦٣ز کۆچی دوایی کردوە بروانە: الذهبي، أبو عبد الله محمد بن احمد الدمشقي (ت ٧٤٨ هـ / ١٣٤٧م )، سير أعلام النبلاء، تحقيق شعيب الارنؤوط و محمد نعيم العرقوسي، ط ٩، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٤١٣هـ / ١٩٩٣م، ج١٨، ص١٧١ ، كحالة، عمر رضا، معجم المؤلفين تراجم مصنفي الكتب العربية، مطبعة الترقي، دمشق، ١٣٨٠هـ/ ١٩٦٠م ، ج١٠،ص٥٧.

(٢١) بروانە: الكامل في التاريخ، ج٧، ص٤٣٨.

(٢٢) بروانە: ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب، ج٥، ص١٧٣.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

فەتح محمد کوڕی محمد کوڕی محمد کوڕی یوسف شافعی[٢٣] ( ٧٥١ – ٨٣٣ ك / ١٣٥٠–١٤٢٩ز) و گیرۆدەی لایەنی ئابوری خێزانەکەی کردوە[٢٤].

لایەنێکی تری پاڵپشتی دەسەلأتداران بۆ زانایان و بوژانەوەی زانست و زانیاری بریتی بوو لە دروستکردنی مزگەوت و قوتابخانە و کتێبخانە، لە ناوچەکەدا کەدەبوونە بنکەیەك بۆ رۆشنبیرکردن و پێگەیاندنی زانایان و زانستخوازان.

لەم ڕووەوە ئیبن شەداد باسی ئەوە دەکات کە لەناوچەی جەزیرەدا دوو مزگەوتی گەورە هەبووە، کە رۆژانی هەینی ووتار و نوێژی تیایاندا خوێندراوە، کە یەکەمیان کۆنەو دوهەمیان لەسەردەمی (وشبل دەوله) دروست کراوە، کە یەکێك بووە لەبەندەکانی میر رەحیم بەدرەدین لؤلؤ – والی شاری موصل، هەروەها چوار خوێندنگای تێدا بووە کە لەسەر ڕێبازی شافیعی وانەیان تیادا وتراوەتەوە. کە ئەوانیش بریتی بوون لە قوتابخانەی ئیبن بەزری، و قوتابخانەی زەهیرەدین قایمازی ئەتابکی، و قوتابخانەی ڕزویە ، قوتابخانەی قازی جەمالە دین عەبدول رەحیم ، و هەروەها قوتابخانەیەك کە بە شەمسەدین سەرتەکین ناسراو بوو، هەروەها باس لەبوونی دوو خانەقا بەناوەکانی صلاحەدین ئەعرەج و زوهەیریە دەکات ئەمە جگە لە بوونی نزیکەی هەشتا مزگەوت لەم ناوچەیەدا[٢٥]، کە بێگومان بەبێ پاڵپشتی میر و دەسەلأتدارەکان دروستکردنی ئەو هەموو شوێنانە - کە دواتر دەبوونە بنکەیەکی بەهێز بۆ وتنەوەی وانە و گەشەدان بە بورای زانستی- کارێکی ئاستەمە .

سێهەم: - گرنگترین ئەو زانستە شەرعیانەی کە تەشەنەی کرد:

١- زانستی قورئان " علوم القرآن":

ئەم زانستە لەگرنگترین و لەپێشترین زانستە شەرعیەکان ئەژمار دەکرێت چونکە بنەمای یەکەمی دەستوری ئیسلامە هەروەکو لە پێناسەکردنی ئەم زانستەدا وتراوە: "ئەم کتێبی قورئانە سەرچاوەی هەموو زانستەکان و شوێنی هەڵهاتنیانە ، خوای گەورە زانستی هەموو بوارەکانی تیا داناوە، و هەموو خاوەن بەهرەکان پێویستی خۆیان تیادا دەستەبەر دەکەن و لێی سوودمەند دەبن، زانای فیقهی حوکمی حەلأڵ و حەرام ، و زانای رێزمان بنەما رێزمانێکانی لێوە بنیاد دەنێت و دەتوانێ بگەرێتەوە سەری هەتا ڕاست و هەڵەکانی خۆی بزانێت، ، وەکەسانی بواری جوانسازی و " البیانی" و ڕەوانبێژیش دەگەیەنێتە باشترین ڕێڕەو لە دەربڕیندا ،. وە کۆمەڵێك چیرۆك و بەسەرهاتی گەورە و گرنگی تێدایە کە بیرخەرەوەی خاوەن بیر و هەستەکانە ....، ئەمانە و چەندان زانستی تێدا بەرجەستە دەبێت کە

(٢٣) بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی ژیانیەوە بڕوانە : طاشكبري زاده ، أحمد بن مصطفى بن خليل، (ت٩٦٨ هـ / ١٥٦٠م )، الشقائق النعمانية في علماء الدولة العثمانية ، دار الكتاب العربي – بيروت، د.ت، ص٢٥-٢٩، الأدنة، أحمد بن محمد( عاش في القرن ١١هـ/ ١٧م)، طبقات المفسرين، تحقيق سليمان بن صالح الخزي، ط ١، مكتبة العلوم والحكم ، السعودية ، ١٤١٧هـ- ١٩٩٧م، ص٣٢٠-٣٢١.

(٢٤) بڕوانە : طاشكبري زاده ، الشقائق النعمانية، ص٢٩.

(٢٥) بڕوانە : الاعلاق الخطيرة ، ص١٤٨.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خەڵكانی تایبەت نەبێت هەست بەو گەورەیی و پلە زانستیەی ناوی ناكەن، ئەمە لەگەڵ بوونی ڕەوانبێژییەكی وا كە ژێری سەرسام دەكات وە كۆمەڵێك موعجیزەی وای تێدایە كە زانا بە شتە شاراوەكان" علام الغیوب" نەبێت نایان زانێت "[٢٦] .

ئەلەم تێڕوانینەوە بۆ قورئانی پیرۆز زانایانی بواری شەریعەت لەكۆن و نوێدا قورئان بوەتە پێشەنگ و كۆڵەكەی سەرچاوە سەرەكیەكانی زانستەكانیان كەهەریەك لە زانستەكانی خوێندنەوەی قورئان و ڕاڤەكردنی و زانستی هۆكانی دابەزینی ئایەتەكان : أسباب نزول الایات" و زانینی ناسخ و مەنسوخ و زانستەكانی تری پەیوەست بە قورئانی پیرۆز دەگرێتەوە. ئەمە جگە لەوەی كە خودی فەرمودەكانی پێغمبەر محمدیش " درودی خوای لێبێت" جۆرێكە لە ڕاڤەكردن بۆ ئایەتە قورئانیەكان، لەبەر ئەو ڕۆڵە گەورەو گرنگەی قورئانی پیرۆز ئاماژە دەدەین بە هەندێك لەو زانستانە و گەورەترین و بەناوبانگترین زانایانی كوردی ناوچەی جەزیرەی بۆتان" ئیبن عومەر"دێنینە ناو باسەوە:

أ- زانستی خویندنەوەی قورئان " علوم القراءات":

ئەم زانستە تایبەتە بە چۆنێتی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزەوە ، بەپێی جیاوازی مەبەستی ووشەكانی زمانی عەرەبی دامەزراوە كە بەپێی جیاوازی زمانی هۆزەكان ئەو خوێندنەوەیەش جیاواز بوە، كە ئەمەش وای كردوە كە خوێندنەوە جیاوازەكان ببێتە زانستێكی سەربەخۆ كە پشت دەبەستێت بە ژمارەی خوێندنەوە ڕاستەكان كە سەرجەم ئەو خوێندنەوە ڕاست و دانپێدانراوانە بریتین لە حەوت خوێندنەوە [٢٧]. سیوتی لە پێناسەكەیدا بۆ ئەم زانستە دەڵێت" ئەو زانستەیە كە بەهۆیەوە چۆنێتی ووتنی ووشەكانی قورئان دەزانرێت ، و بەهۆیەوە دەتوانرێت كە هەندێك لە شێوەی خوێندنەوە دیاری بكرێت و بە بەهێزتر لە هەندێكی تر دابنرێت"[٢٨] .

لەبەر ئەوەی ناوچەی جەزیرەش ببوە پێگەیەكی گرنگی جیهانی ئیسلامی بۆیە یەكێك لەو زانستانەی كە گرنگی زۆری پێدراوە زانستی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بوە و چەندان زانا لەم بوارەدا دەركەوتن، كە لە سەر دەستی ئەوانیشدا چەندان زانا و خوێنەری قورئانی پیرۆز دەركەوتن، كە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە هەندێك لە زانایانی ئەم ناوچەیە بكەین كە لەم زانستەدا ناوبانگیان پەیدا كردوە:

١- یوسف كوڕی علی كوڕی جبارە كوڕی محمد ئەبو قاسم هەزەلی یەشكری(٤٠٣- ٤٦٥ك)[٢٩]، زانای بواری گوتەكاری" علم الكلام" و زانا بە خوێندنەوە جۆراو جۆرەكان جا چ خوێندنەوەی خوێندنەوە

(٢٦) بروانە : السیوطي، عبد الرحمن بن أبي بكر ( ت ٩١١ ﻫ / ١٥٠٥م )، الاتقان في علوم القرآن، تحقیق: محمد أبو الفضل إبراهیم، الهیئة المصریة العامة للكتاب، ١٣٩٤هـ/ ١٩٧٤ م،ج١، ص٢ .

(٢٧) بروانە : اسماعیل، محمود، تاریخ الحضارة العربیة الاسلامیة، ط ١، مكتبة الفلاح، الكویت، ١٩٨٩م، ص١٩٠-١٩١.

(٢٨) الاتقان، ص٤٤٤.

(٢٩) بروانە ژیاننامەكەی لە : یاقوت الحموي، أبي عبد الله شهاب الدین یاقوت بن عبد الله الحموي الرومي البغدادي ( ت٦٢٦ هـ/١٢٢٨م )، معجم الأدباء، تحقیق: إحسان عباس، ط: ١، دار الغرب الإسلامي، بیروت، ١٤١٤ هـ / ١٩٩٣م ، ج٦، ص٢٨٤٩، ابن الجزري، شمس الدین أبو الخیر محمد بن محمد (ت٨٣٣ ﻫ / ١٤٢٩م )، غایة النهایة في طبقات القراء، ط ٢، دار الكتب العلمیة، بیروت،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەناوبانگەکان بێت یاخود خوێندنەوە ڕیزپەڕەکان" القرآت الشاذة" بێت. ئەم زانایە کەسێکی نابینا بوو، و خەڵکی ناوچەی کەسکەر بووە کە سەربە زێی بچووك بوو ، بە مەبەستی بواری زانستیەکەی سەردانی ئەسفەهان و بغدادی کردوە، کە وەزیری سەلجوقی نیزام مەلك( ٤٠٨-٤٨٥هـ/ ١٠١٨-١٠٩٢م) کردوێتیە خوێنەری قورئانی پیرۆز لە قوتابخانەی نیسابوردا لەساڵی ٤٥٨ك/١٠٦٥ز ، لەسەر ئەم کارە بەردەوام بوو هەتا کۆچی دوایی کردنی لە ساڵی ٤٦٥ك/ ١٠٧٢ك. لە دانراوەکانی: کتێبی " الكامل " لە بواری خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزدا، کە تیایدا باسی لەوەش کردوە کە لەلای نزیکەی ٣٦٥ مامۆستا وانەی خوێندوە .

٢-حسین کوڕی ئەحمەد کوڕی حسێن جەزیرەیی (٩٩٧ – ١٠٣٣ ك) [٣٠] زانای گەورەی بواری خوێندنەوەی قورئان بوە لە ناوچەی جەزیرەی ئیبن عومەر کە ئەرکی وتنەوەی ئەم زانستەی لە ناوچەکەدا گرتبوە ئەستۆ و هەوڵ و ماندووبونێکی زۆری داوە لەپێناو پێگەیاندنی کەسانی زانا لەم بوارەدا، کە هەوڵەکانی پڕ بەرهەم و پڕبایەخ بوون، لە بەناوبانگترین قوتابیەکانی بریتی بوو لە زانای بەناوبانگ ئەبوبەکر محمد کوڕی علی کوڕی سلام ئامێدی[٣١] .

لە زانا بەناوبانگەکانی تری دەرکەوتوو لەم ناوچەیەدا بریتی بوو لە زانا محمد کوڕی ئەحمەد کوڕی عەبدان جەزیرەیی کە نزیکە سەد ساڵ ژیاوە و بەردەوام بووە لە وانە وتنەوە لەم بوارەدا لە ناوچەی جەزیرەی ئیبن عومەردا. کە خۆشی ئەم زانستەی لە ئەحمەد کوڕی یەزید حەلوانی[٣٢] وەرگرتوە.

هەروەها زانای بەناوبانگیش ئیبن جزری محمد کوڕی محمد کوڕی محمد کوڕی علی کوڕی یوسف شافعی[٣٣] کە هەرچەندە ڕۆڵی لە زانستە ئیسلامیەکانی تریشدا زۆر و پرشنگدارە، بەڵام زیاتر لە بواری زانستی خوێندنەوەی قورئان ناوی دەرکردوە[٣٤] .

## ب- زانستی ڕاڤەکردنی قورئان " علم التفسير"

لەگرنگترین ئەو زانستانەی کە زانایانی موسڵمان بایەخیان پێ داوە بریتیە لە زانستی ڕڤەکردنی قورئانی پیرۆز " علم التفسير". کە ئەم زانستە وەك لە ناوەکەیدا دیارە تایبەتە بە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئایەتە قورئانیەکان[٣٥] هەندێك لە زانایان لە ڕاڤەکردندا بۆ ووشەی "الحكمه" لە ئایەتی ﴿ رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولاً

١٤٠٠ﻫ / ١٩٨٠م، ج١، ص٤٥٤، ابن حجر العسقلاني، شهاب الدين احمد بن علي بن محمد بن محمد(ت٨٥٢ ? / ١٤٤٨م)، لسان الميزان، تحقيق دائرة المعرفة النظامية، ط ٣، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات ، بيروت، ١٤٠٦? / ١٩٨٦م، ج٣، ص١٣٩، الزركلي، الاعلام ، ج٨، ص٢٤٢.

(٣٠) بروانە : ابن رجب الحنبلي، زين الدين أبو الفرج عبد الرحمن بن أحمد ( ت٧٩٥هـ / ١٣٩٢م)، الذيل على طبقات الحنابلة، تصحيح محمد حامد الفقي، مطبعة السنة المحمدية، القاهرة، ١٩٥٣، ج١، ص٢٥٣و ٢٦٠، الزركلي، الاعلام ج٢، ص٢٣٢.

(٣١) بڕوانە : ابن الجزري، غاية النهاية، ج١، ص١٣٤.

(٣٢) بڕوانە : ابن الجزري، غاية النهاية، ج٢، ص٦٥.

(٣٣) بروانە ژیاننامەکەی لە: لا ٧.

(٣٤) بروانە: طاشْكُبْري زَادَهْ ، الشقائق النعمانية، ص٢٥.

(٣٥) بروانە: اسماعيل، تاريخ الحضارة، ص١٨٩.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنتَ العَزِيزُ الحَكِيمُ ﴾(٣٦) دەڵێت كە حكمە مەبەستی پێی زانستی ڕاڤەكردن" علم التفسیر" ە(٣٧) .

لە زانا بەناوبانگەكانی ئەم بوارە كە لە ناوچەی جەزیرەی ئیبن عومەر بون :

حەسەن كوڕی ئەبی عز كوڕی عبدالله باجرای كە لە ساڵی ٥٨٨هـ/ ١١٩٢م كۆچی دوایی كردوە، كە زانایەكی گەورەی سەر بە ڕێبازی حەنبەلیەكان بوە ، كە كۆمەڵێك لە زانا گەورەكان لە گوێبیستی وانەكانی بوون، كە سێكی پیاوچاك و دیندار بوە، كتێبێكی چوار بەرگی لە بواری ڕاڤەكردنی قورئانی پیرۆزدا داناوە(٣٨) .

هەروەها زانای پایە بەرز ئەبو قاسم عومەر كوڕی محمد كوڕی ئەحمەد كوڕی عەكرەمە كەناسراو بوو بە ئیبن بەرزی جزری شافعی كە لە ساڵی ٥٦٠ك/١١٦٤ز دا كۆچی دوایی كردوە ، ئەم زانایە مامۆستا و پێشەوا و موفتی شاری جەزیرەی ئیبن عومەر بوو. یەكەم جار وانەی فیقهی لە جەزیرە لە لای شێخ ئەبی غەنائم محمد كوڕی فەرەج كوڕب كەنسور ئەلفارقی خوێندوە ، پاشتر ڕووی كردۆتە بغداد و لەوێ گوێبیستی چەندان زانای گەورەی وەكو پێشەوا ئەبو حامد غەزالی بوە، و گرنگیدانی زۆری بە زانستی تەفسیر هەبوە(٣٩) .

لەزانا بەناوبانگەكانی تری ئەم بوارە كە لە جەزیرەی ئیبن عومەر ژیاون زانا مۆفەقەدین ئەبو عەباس ئەحمەد كوڕی حەسەن كوڕی یوسف كەواشی شافعی بوە، كە ئەم زانایەش موفەسیری قورئانی پیرۆز بوە ، لەساڵی ٦٨٠هـ/ ١٢٨١م ، لەناو زانایاندا پلەوپایەیەكی گەورەی هەبوە، پێشەوای قورئان خوێنان تقیەدین ئەبو بكر محمد كوڕی شێخ جزری لەم زانایەوە بابەتی زانستی گێڕاوەتەوە. كۆمەڵێك كتێبی لەم بوارەدا نوسیوە وەكو كتێبی" تبصرة المتذكر" و "كشف الحقائق" كەناسراوە بە تفسیر الكواشی (٤٠) .

هەروەها زانای بەناوبانگ ئەبو سەعادات ئیبن ئەسیر ئیبن موبارەك محمد كوڕی محمد كوڕی عەبدول كەریم شەیبانی جزری كە لە ساڵی ٦٠٦ك/١٢٠٩ز كۆچی دوایی كردوە، كە زانایەكی فەرمودەناسیش و زمانەوانی و بواری ئصوڵیش بوە، ئەمە جگە لەوەی كە خاوەنی كتێبی بەناوبانگی " الكامل في التاريخ" ە كە لەبواری مێژوودا نوسیوێتی، ئەم زانایە لەدایكبوون و گەورەبوونی لە جەزیرەی ئیبن عومەر بوە و پاشتر چۆتە

---

(٣٦) سورة البقرة، الآية ١٢٩.

(٣٧) بروانە: السمرقندي، أبو الليث نصر بن محمد بن أحمد بن إبراهيم (المتوفى: ٣٧٣هـ/٩٨٣م، بحر العلوم، تحقيق : د.محمود مطرجي ، دار الفكر ، بيروت، د.ت . ج١، ص٩٤،

(٣٨) بروانە: ابن العماد الحنبلي، أبو الفلاح عبد الحي بن العماد ( ت ١٠٨٩هـ / ١٦٧٨م )، شذرات الذهب في اخبار من ذهب، دار أحياء التراث العربي، بيروت، د.ت، ج٤، ص٢٩٣-٢٩٤.

(٣٩) بروانە: ابن خلكان، أبي العباس شمس الدين احمد بن محمد بن أبي بكر ( ت٦٨١هـ / ١٢٨٢م )، وفيات الأعيان و أنباء أبناء الزمان، تحقيق د. إحسان عباس، دار الثقافة، بيروت، ١٣٨٨ هـ/ ١٩٦٨م، ج٣، ص٤٤٤-445، ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب ، ج٤، ص١٨٩.

(٤٠) بروانە: الذهبي، أبو عبد الله محمد بن احمد الدمشقي (ت ٧٤٨ هـ / ١٣٤٧م )، العبر في خبر من غبر، تحقيق د.صلاح الدين المنجد، ط ٢، مطبعة حكومة الكويت، الكويت، ١٣٦٩ هـ / ١٩٤٨م، ج١، ص٢٧٥، الزركلي، الاعلام، ج١، ص٢٧٤ ، كحالة، معجم المؤلفين ،ج٢، ص٢٠٩.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

موسڵ و پەیوەندی کردوە بە لێپرسراوی شارەکە کردوە و هاورێیەتی کردوە ، ، گرنگی زۆری بە بواری تەفسیری قورئانی پیرۆز داوە و کتێبێکی بەناوی " الإنصاف في الجمع بين الكشف والكشاف" لەم بوارەدا داناوە[٤١]

## ٢- زانستی فەرموودە:

ئیبن صەلاحی شارەزوری" ٥٧٧-٦٤٣ک/ 1245 - 1181ز " لە پێناسەی ئەم زانستەدا دەڵێت " زانستێکی شەرەفمەندانەیە ، لەگەڵ ڕەوشتە جوانەکان و کردارە پایەدارەکاندا دێتەوە یەك و دژی ڕەوشت و کردارە نەشیاوەکانە ، ئەم زانستە لە زانستەکانی ڕۆژی نەبراوەی دواییە نەوەك لە زانستە دنیاییەکان"[٤٢] هەروەها لە پێناسەیدا وتراوە کە شکۆمەندترین و گەورەترین زانستە لە دوای قورئانی پیرۆز و شایستەترین زانستێك کە لێکۆڵینەوە و بەدواضونی تیادا بکرێت زانستی سنەتەکانی پێغەمبەرە درودی خوای لێبێت ، کە ئەم زانستە ڕوونکەرەو و ڕاڤەکەر و ڕێنیشاندەری قورئان و درێژەدەر بە کورتبڕیەکانی و رونکەرەوەی زیاتری کورتبڕیەکان و چارەسەری ئاڵۆزەکان و ڕێنویکەری قورئانە[٤٣] .

لە ناودارترینی ئەو زانایانەی کە لەو بوارەدا لە جەزیرەی بۆتان دەرکەوتن ئەبو حەسەن عەلی کوڕی ئەحمەد کوڕی یوسف ناسراو بە شێخولئیسلام هەکاری بوو[٤٤]، کە زەهەبی لە وەسفیدا دەڵێ "پیاوی چاك و بۆ خوا صوڵحاو بووە ، کەسایەتیەکی و بەهێز و شکۆمەند و بەسامی هەبووە و خاوەنی شوێنکەوتەو مورید بووە " [٤٥] . هەروەها گوێبیستی زانستی فەرموودە بوو و گەشتی زانستی لەو پێناوەدا کردوە و کتێبی لە زانستی سونەت و زوهد داناوە ، لە ساڵی ٤٨٦ک/1093ز کۆچی دوایی کردوە(٤٦) .

هەر لەم بوارەدا جەزیرە زانای تری پێشکەش کرد وەك ئیبن جزری (لە ٨٣٣ک/١٤٢٩ز) کۆچی دوایی کردوە) کەناوی محمد کوڕی محمد کوڕی محمد کوڕی علی کوڕی یوسف، ئەبو خێر شەمسە دین، عمری دیمەشقی شیرازی شافعی، ناسراو بە ئیبن جزری ، کە یەکێك بووە لە شێخ و مامۆستا ناودارەکان و پارێزەرانی بواری زانستی فەرموودە، لەم بوارەشدا کتێبی " سلاح المؤمن " و " الهداية علم الرواية" ی نوسیوە [٤٧].

(٤١) بروانە: ابن خلكان، وفيات، ج٤، ص١٤١، الذهبي، سير أعلام النبلاء، ج٢، ص١١٥، الزركلي، الاعلام، ج٥، ص٢٧٤ كحالة، ، معجم المؤلفين ،ج٨، ص١٧٤.

(٤٢) بروانە: علوم الحديث، دار الفكر ، دار الفكر المعاصر، ١٤٠٥هـ/ ٢٠٠٤م، ص٢٣٧.

(٤٣) بروانە: أحمد ملا فائق سعيد، مصطلح الحديث، د.م.ط، ١٤٢٨هـ/ ٢٠٠٧م، ص٣.

(٤٤) هکاری ناوی شار و شارۆچکە و ناوی گوندیشە کە لەسەرووی موسلەوەیە لە جەزیرەی ئیبن عومەردایە و ئەو کوردانەی لەوێن پێیان دەوترێت هەکاری. بروانە: ياقوت الحموي، معجم البلدان، ج٨، ص٤٨٠.

(٤٥) بروانە: ابن حجر العسقلاني، شهاب الدين احمد بن علي بن محمد بن محمد(ت٨٥٢ ? / ١٤٤٨م) ، لسان الميزان، تحقيق دائرة المعرفة النظامية، ط ٣، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات، بيروت، ١٤٠٦? / ١٩٨٦م، ج٢، ص١٨٧.

(٤٦) بروانە: العبر، ج١، ص٢٢٥.

(٤٧) بروانە: الزركلي، الاعلام، ج٧، ص٤٥.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

### ٣_ زانستی فیقهی " علم الفقه" :

بابەتی فیقهی و ڕۆچوون لە زانستی فیقهی ئاینی لە ئاینی ئیسلامدا کاریگەری و گرنگی زۆری لە زانستە شەرعیەکاندا هەیە لەبەر ئەوەی کە لەڕێی ئەم زانستەوەیە کە زانای ئاینی دەگاتە پلەیەك کە بتوانێت تاڕادەیەکی زۆر لە هەڵهێنجانی حوکمە شەرعیەکانی ناو قورئانی و فەرموودەکاندا سەرکەوتوبێت، هەر لەبەر ئەم گرنگیەیە لە فەرمودەی پێغمبەردا " ﷺ" هاتووة كة دةفةرموي" من يرد الله به خيراً يفقهه في الدين"[٤٨] .

هەر وەك گەشبینیەك بەم فەرمودەیە و هاوشێوەکانی کە باس لە گرنگی و پایە بەرزی ئەم زانستە دەکەن زانا موسڵمانەکان هەوڵی زۆریان لە پێناو بەدەستهێنانی ئەم زانستەو گەیشتن بەم پایەیە داوە ، کە ئەمەش بوە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێك زۆر زانای گەورەی ئەم بوارە لەسەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا و لەناویشیاندا جەزیرەی ئیبن عومەر کە ڕۆڵی گرنگیان لەبەرەوپێشچوونی ئەم زانستەدا هەبووە .

هەرچەندە بە گشتی فیقهی هەرچوار مەزهەبە سەرەکیەکەی سونی و جارجار فیقهی مەزهەبەکانی تری وەکو ئەوزاعی[٤٩] و سەوری[٥٠] و زاهیریش[٥١] لە کوردستاندا خوێندراوە بەڵام بە دەرکەوتنی زانای شافعی مەزهەب ئەبو عبدوللای کازرۆنی[٥٢] لە نیوەی کۆتایی حوکمڕانی دۆستەکیەکان بەسەر ناوچەکەدا مەزهەبی شافعی تەشەنەی بەرچاوی سەند و وای کرد کە ببێتە مەزهەبی سەرەکی ناوچەکە[٥٣] ئەمەش وایکرد کە زاناکانی ناوچەی جەزیرە جۆرێك لە تایبەتمەندیان لە مەزهەبی ناوبراودا بۆ پەیدا ببێت و پێوەی بناسرێن کە لێرەدا ئاماژە بەهەندێکیان و ڕۆڵیان لەو بەرەوپێشچونەدا دەدەین لەوانە: زانای بواری فیقهی یوسف کوڕی حسن[٥٤]

---

(٤٨) پێشتر ئاماژە بە سەرچاوەکانی ئەم فەرمودەیە درا لە لا٤٧.

(٤٩) ئەم مەزهەبە بەناوی پێشەواکەیانەوە ناونراوە کە عبدول ڕەحمان کوڕی عمرو کوڕی یحمد ئەوزاعی بووە، وتراوە کە ئەوزاع ناوی لادێکەیانە کە سەر بە شاری دیمەشقە، لەساڵی ٨٨ك/ ٧٠٦ز لە بەغداد لەدایك بوە، و لە ساڵی ١٥٧ك/٧٧٣ز لە بەیروت کۆچی دوایی کردوە. بڕوانە: ابن حبان، أبو حاتم محمد بن حبان بن أحمد التميمي البستي (ت٣٥٤ﻫ / ٩٦٥م)، الثقات، تحقيق السيد شرف الدين أحمد، دار الفكر، بيروت، (١٣٩٥ﻫ / ١٩٧٥م)، ج٧، ص٦٢، محماس بن عبد الله بن محمد الجلعود، الموالاه والمعاداه فى الشريعه الأسلاميه، گ١، دار اليقين للنشر والتوزيع،1407هـ /١٩٨٧م، ج١، ص١٣٠.

(٥٠) ئەم مەزهەبەش بەناوی پێشەواکەیانەوە ناونراوە کە ناوی سوفیان کوڕی سەعید کوڕی مەسروق سەوری هەندێك دەڵێن ساڵی ٩٥ك/ ٧١٤ز و هەندێك دەڵێن ساڵی ٩٧ك/ ٧١٦ز لە دایك بووە و لە ١٦١ك/ ٧٧٨ ز) کۆچی دوایی کردوە .بڕوانە : ابن حبان، ج٦، ص٤٠١-٤٠٢، الزركلي، الاعلام ، ج٣، ص١٠٤.

(٥١) بەناوی پێشەواکەیانەوە ناونراوە کە ناوی داود کوڕی عەلی کوڕی خەلەف بووە ، لە ساڵی ٢٠٢ ك/ ٨١٧ز لەدایك بوە و وتراویشە کەلە ساڵی ٢٠٠ ك/ ٨١٥ ز وساڵی ٢٧٠ك/ ٨٨٣ز کۆچی دوایی کردوە. بڕوانة: ابن بريال، ابي بكرعبد الباقي بن محمد(ت ٥٠٢ ﻫ/ ١١٠٨م)، تاريخ ابن بريال، دراسة و تحقيق، بهمن صالح، ط ١، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ٢٠١٤م. ص٣١٠.

(٥٢) پێشتر ئاماژە بە ژیاننامەکەی درا.

(٥٣) بروانە: عبد الرقيب يوسف، الدولة الدوستكية ، ج٢، ص٢٥٦-٢٥٨.

(٥٤) لە هەندێك لە سەرچاوەکاندا بە "حسێن " هاتوە بروانە: ابن قاضي شهبة، ابو بكر بن احمد بن محمد بن عمر ( ت٨٥١ ﻫ / ١٤٤٧م )، طبقات الشافعية، تحقيق د. الحافظ عبد العليم خان، ط ١، دار عالم الكتب، بيروت ، ١٤٠٧ ﻫ / ١٩٨٦م،ج٤، ص٦٩، البابانى، اسماعيل باشا بن محمد البغدادى (ت١٣٣٩ﻫ / ١٩٧٤م) ، هديه العارفين اسماو المؤلفين والمصنفين، استانبول، ١٩٥١ ﻫ / ١٣٧١م، اعاده گبعه : دار إحياو التراپ العربى بيروت – لبنان، ج٢، ص٢٣٧.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**کوڕی محمود ، بەڕەگەز سرائی سەر بە تەبرێز ، کە سەرەتا لەناوچەی خۆی دەستی کردووە بە خوێندنی زانستە ئیسلامیەکان لەلای کۆمەڵێك زانایانی وەکو زانایان شێخ جلالە دینی قەزوینی[٥٥] و شیخ بهادین خونجی و قازی عزدەدین[٥٦]، هەروەها لەلای شێخ شمسەدین کرمانی[٥٧] شرحی بخاری خوێندوە . حافز شهابە دین ئیبن حجر لەبارەیەوە دەڵێت : لەچەندین زانستدا شارەزایی و لێهاتویی دەرکەوت و دەستی کرد بە وانەوتنەوە لەچەندین کتێب و بابەتی جیاوازدا لەوانە شەرحی منهاج بەیزاوی[٥٨] کردوە، و لەسەر کتێبی کەشاف[٥٩] پەراوێزی گرنگ و بەسوودی نوسیوە ، وە شەرحی چل فەرمووده ناسراوەکەی زانا نەوەویی[٦٠] کردوە ، کەسێکی زاهد و بەندەیەکی ڕاستەقینەی بۆ خواصوڵحاو بوە و پشتی لە خۆ ویستی و دنیاویستی کردوە، ڕووی لە زانست**

---

**(٥٥) ناوی محمد کوڕی عبد الرحمن کوڕی عمرە، ناسراوە بە قازی و وتاربێژی دیمەشق، لە ساڵی ٧٣٩ ك / ١٣٣٨ز کۆچی دوایی کردوە. بڕوانە: السبكي، تاج الدين بن علي بن عبد الكافي( ت ٧٧١ هـ / ١٣٦٩م ) ، طبقات الشافعية الكبرى، تحقيق د. عبد الفتاح محمد الحلو و د. محمود محمد الطناحي، دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والاعلان، الجيزة، ١٤١٣هـ/ ١٩٩٢م ، ج٩، ص١٥٨، الزركلي، الاعلام، ج٦، ص١٩٢،**

**(٥٦) ناوی عبدولعەزیز محەمەد ئیبراهیم کەنانی شافعیە، زانایەکی ناودار و موفتیەکی شارەزا بووە ، لەساڵی ٧٦٧هـ/١٣٦٥ز کۆچی دوایی کردوە. بڕوانە: ابن حجر العسقلاني، شهاب الدين احمد بن علي بن محمد بن محمد(ت٨٥٢ ? / ١٤٤٨م)، الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة، ط: ٢، تحقيق : محمد عبد المعيد ضان، مجلس دائرة المعارف العثمانية - صيدر اباد/ الهند، 1392هـ/ ١٩٧٢م، ج٣، ص١٧٦-١٧٧.**

**(٥٧) ناوی محەمەد کوڕی یوسف کرمانیە، کە هاتۆتە بغداد و نزیکەی سی ساڵ لەوێ وانەی لە زانستە جیاوازەکاندا وتۆتەوە، زانایەکی بواری فیقهی و تەفسیر و فەرموده و بنەماکانی فیقه و زمانی عەرەبی بووە، لەساڵی ٧٨٦هـ/١٣٨٤ز کۆچی دوایی کردوە. بروانە: الزركلي، الأعلام، ج٧، ص١٥٣ .**

**(٥٨) منهاج البيضاوي کتێبێکی مەنهەجی گرنگە کە لەبواری زانستی بنەما فیقهیەکاندا لەلایەن قازی عبداللە کوری عومەر بەیزاویەوە نوسراوە بروانە: البيضاوي، عبد الله بن عمر( ت ٦٨٥هـ /١٢٨٦ م) ، منهاج الوصول الى علم الأصول، تعليق : مصطفى شيخ مصطفى، ط ١، مؤسسة رسالة الناشرون، ديمشق و بيروت ، ٢٠٠٦م، ص١ و مابعدها .**

**(٥٩) یەکێکە لە کتێبە بەناوبانگەکانی بواری تەفسیری قورئانی پیرۆز لەلایەن محمود عومەر زە مەخشریەوە نوسراوە بروانە: الزمخشري، محمود بن عمر أبو القاسم جار الله( ٤٦٧-٥٣٨هـ) ، تفسير الكشاف، تحقيق : خليل محمود شيحا، ط٣، دار المعرفة، بيروت، ١٤٣٠هـ/ ٢٠٠٩م، ص١ و مابعدها.**

**(٦٠) کتێبێکی بەناوبانگی بواری فەرمودەیە کە لەلایەن زانای دیاری مەزهەبی شافعی ناسراو بە نەوەویی نوسراوە کە تیایدا چل فەرمودەی لە فەرمودە گرنگ و کاریگەرەکانی پێغەمبەری ئیسلامی ﷺ لەو کتێبەدا تۆمار کردوە. بڕوانە: النووي، أبو زكريا يحيي بن شةرقف ( ٦٣١-٦٧٦هـ)، متن الاربعين النووية، اعداد: توفيق ابراهيم ضمرة، ط: ١، دائرة المكتبة الوطنية، المملكة الاردنية الهاشمية، ١٤٣٠هـ/٢٠٠٩م، ص١ و مابعدها.**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

و زانیاری کردوه ، نیشتەجێی جەزیرەی ئیبن عومەر بوە هەتا ئەو کاتەی لەساڵی ٨٠٤ ك/ ١٤٠١ز کۆچی دوایی کردوە[٦١].

زانایەکی تری ئەم ناوچەیە حەسەن کوڕی سەعید کوڕی ئەحمەد کوڕی عەمر کوڕی مەئمون جزیری . کە ئەمیش بە هەمان شێوە خەڵکی جەزیرەی ئبن عومەر بووە کە دواتر لە پێناو بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر چۆتە بەغداد وە فیقهی لەسەر مەزهبی شافعی خوێندوە هەتا ئەو ڕادەیەی کە توانایەکی زۆری تیادا بەدەست هێناوە، گوێبیستی فەرمووده بوە لەلای چەندین زانای وەکو زانا عبدول عەزیز کوڕی عەلی ئەنماتی، و دواتر گەڕاوەتەوە شارەکەی خۆی و لە جەزیرەی ئیبن عومەر بۆ ماوەیەك پلەی قازێتی پێ سپێردراوە دواتر لابراوە، و لەگەڵ مالکی کوڕی تەوقدا ڕۆشتوە بۆ ئامێدی و دواتر گەڕاوەتەوە بەغداد و لەوێ خەریکی خزمەتکردنی بواری زانستی شەرعی بوە ، و لەساڵی ٥٤٤ك/١١٤٩ز کۆچی دوایی کردوە لەقەڵای فێنك [٦٢].

هەروەها زانای فیقهی بەناوبانگ ئەبو تاهیر ئیبراهیم کوڕی محمد کوڕی ئیبراهیم مەهران جەزیریش زانایەکی ترە لە زاناکانی ناوچەکە کە وەکو لە باسکردنیدا وتراوە: زانست و کاری چاکی پێکەوە گرێدابوو، لەدواییدا سەردانی بەغدادیش دەکات و لەوێ گوێگری زانستی فەرمودە دەبێت و پەرە بەو لایەنەش دەدات و شارەزایی تیادا پەیدا دەکات و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ جەزیرە و لەوێ دەستبەکاری وانەوتنەوە و فتوادان دەبێت هەتا ئەو کاتەی لە ساڵی ٥٧٧ك/ 1245ز کۆچی دوایی دەکات[٦٤].

قازی سەدرەدین ئەبو مەنسور مەوهوب کوڕی عومەر کوڕی مەوهوب کوڕی ئیبراهیم جەزیری یەکێکی ترە لەزانایانی ئەم بوارە کە ئەمیش لە جەزیرە لەساڵی ٥٩٠ك/١١٩٣ز لەدایك بوە کە بوە زانایەکی گەورەی مەزهەبی شافعی لە زانستەکانی فیقهی و بنەماکانی فیقهی و ڕێزمانی عەرەبی بەهرە و توانای دەرکەوت، و دەستی کرد بە وتنەوەی وانە و پاشتر فتوادان و کۆمەڵێك کەسانی گەورە و زانای بەتوانا لە ژێر دەستیدا پێگەیشتن، یەکێك بوو لەکەسە دیار و بەرێزەکانی سەردەمی خۆی، دواتر چۆتە میسر و لەوێ بۆتە قازی و لەوێش چەندین خوێندکار

(٦١) بروانە: ابن قاضي شهبة، طبقات الشافعية، ج٤، ص٦٩، ابن حجر العسقلاني، إنباء الغمر بأبناء العمر، تحقيق: د حسن حبشي، المجلس الأعلى للشئون الإسلامية ، لجنة إحياء التراث الإسلامي، مصر، ١٣٨٩هـ/ ١٩٦٩م، ج٢، ص١٣٠، الزركلي، الاعلام، ج٤، ص١٣، كحالة، معجم المؤلفين، ج١٣، ص٢٩٢، البابانى، هديه العارفين ، ج٢، ص٢٣٧.

(٦٢) بروانە ژیاننامەکەی لە: الذهبي ، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز(ت ٧٤٨هـ/ ١٣٤٨م)، تاريخ الإسلام وَوفيات المشاهير وَالأعلام، تحقيق: د. بشار عوّاد معروف، ط ١، دار الغرب الإسلامي ، ٢٠٠٣م، ج١١، ص٧٤٠، الذهبي، سير أعلام النبلاء، دار الحديث- القاهرة، ١٤٢٧هـ-٢٠٠٦م، ج١٥، ص٣٦، الصفدى، صلاح الدين خليل بن أيبك بن عبد الله الصفدي (ت ٧٦٤هـ/ ١٣٦٢م )، الوافي بالوفيات، تحقيق : أحمد الأرناؤوط وتركي مصطفى، دار إحياء التراث ، بيروت،1420 هـ- ٢٠٠٠م ، ج١٢، ص١٩.

(٦٣) یەکێك بووە لە قەڵا گەورە و پتەوەکانی کوردانی بەشنەویەکان بووە، کەوتبوە باکوری جەزیرەی ئیبن عومەر . بروانە: ياقوت الحموي، معجم البلدان، ج٦، ص٤٤٧.

(٦٤) بروانە ژیاننامەکەی لە: ياقوت الحموي، معجم البلدان، ج٢، ص٥٧، الذهبي ، تاريخ الإسلام، ج١٢،ص٥٩٦.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەژێر دەستیدا پەروەردە بووە، و خاوەنی کۆمەڵێك فتوا بوە کە تایبەت بەخۆیەوە ناسراوە بووە، لەساڵی ٦٦٥ك/١٢٦٧ز کۆچی دوایی کرد[٦٥].

هەروەها ئەبو محەمەد، زیادین عیسی کوڕی محمد هەکاری کة ساڵی ٥٨٥ك/ ١١٨٩ز کۆچی دوایی کردوە، لەسەرەتادا لە حەلەب لەبواری فیقهیدا دەیخوێند و پەیوەندی کرد بە میر ئەسەدەدین شێرکۆی(564 ك/ ١١٦٩ز) مامی صلاحەدینی ئەیوبیەوە بوە و کاری پێشنوێژی بۆ دەکرد، دواتر بوە ڕاوێژکاری صەلاحەدینی ئەیوبی کە پێشینەیان دەزانی بۆیە لە بیروبۆچون و بلاّوکراوەکانی خۆیاندا داوای هاریکاریە بەنرخەکانیان لێدەکرد لەو توانا زانستیەیدا کە هەیبوو، نزیکی لەو دەسەلاّتدارانەشەوە کارێکی نەدەکرد کە لەبیروبۆچونی تایبەتی خۆی لابدات، بەڵکو هەمیشە گەیەنەرێکی خێر و چاکە بووە لەنێوان خەڵکیدا[٦٦] .

## ٤- زمان و ڕێزمانی عەرەبی "اللغة و النحو" :

هەرچەندە ئەم زانستە وەك زانستێکی یاریدەدەرە بۆ زانستە شەرعیەکان زانستێکی شەرعی نیە بەو واتایەی کە وەك زانستەکانی پێشووتر کە باسکران ئاینی نیە بەلاّم بەردەوام لەلایەن زانایانی ئاینی ئیسلام و شەرعناسەکانەوە وەك زانستێکی هۆکار بۆ گەیشتنە زانستە شەرعیەکان" علوم آلة" سەیری کراوة.

هەر لەبەر ئەو گرنگیە بوە کە زمان و ڕێزمانی عەرەبی لە جەزیرەی ئیبن عومەریشدا وەکو تەواوی ناوچەکانی تری جیهانی ئیسلامی گرنگیەکی زۆری پێدراوە بەتایبەتی ئەگەر بڕوانینە کاریگەری ئاینی ئیسلام لەسەر ئەو زانستانە کە ئەمەش وای کردوە بۆتە لایەنێکی گرنگی بزاوتی زانستی لە کۆمەڵگا موسڵمانەکاندا، بۆیە زانایان دەستیان کرد بە گرنگیدان بە لێکۆڵینەوە زمانەوانی و ڕێزمانیەکان و دانانی کتێب و سەرچاوە لەو پسپۆڕیانەدا، ناوچەی جەزیرەش هەر لەسەرەتاوە خاوەنی پشکی زۆر و باش بوو، لەو بوارەدا و کەسانی بەتوانا و شارەزای ناوازەی لە بواری زمانەوانی و ڕێزمانیدا پێشکەش بە جەزیرە و بە سەرجەم جیهانی ئیسلامیش کرد، کە بە زانستەکەی خۆیان خزمەتی گەورەیان کرد .

ڕەنگە لە دیارترینی ئەو زانایانەی کە جەزیرەی ئین عومەر بەرهەمی هێنابن یحیی کوڕی هبیرە کوڕی سەعد کوڕی هەبیرە بوبێت کە لە ساڵی ٥٦٠ك/١١٦٤ز کۆچی دوایی کردوە فەرموودەناسی بغداد بووە و زانیاریەکی باشی بە زانستی زمانەوانی و ڕێزمانی عەرەبی هەبوە، و کتێبێکی بەناوی "المقتصد" لە زانستی ڕێزماندا داناوە، و سەردەمانێکی زۆر لە جەزیرەی ئیبن عومەر نیشتەجێ بوە و نزیکی خەڵکانی زانستخواز و دیندارەکان بووە [٦٧].

لەو زانایانەی تر کە خەڵکی جەزیرە لێوەی سوودمەند بوون زانا ئەحمەد کوڕی موبارەك کوڕی نەوفەل نەسیبی بوو کە لە ٦٦٤ك/ ١٢٦٥ز کۆچی دوایی کردوە، کە ئەمیش زانایەکی ڕێزمانی بوو لەسەر دەستی کۆمەڵێك زانای گەورەی ڕێزمانیی لە موسڵ پێگەیشتوە[٦٨] و دواتر چۆتە جەزیرەی ئیبن عومەر و لەوێدا خوێندکاران و

(٦٥) بروانە: ابن قاضي شهبة،طبقات الشافعية،ج١، ص٩٧.

(٦٦)بروانە : الصفدي، الوافي بالوفيات، ج٧، ص٤٢٣، ابن خلكان، وفيات الأعيان، ج٣، ص٤٤٥ و ٤٩٧، الزركلي، الاعلام، ج٥، ص١٠٧.

(٦٧) بروانە: ابن رجب،الذيل على طبقات الحنابلة،ح١، ص ٢٥١-٢٦٠، الزركلي، الاعلام، ج٨، ص٧٨.

(٦٨) بروانە : الصفدي، الوافي بالوفيات ،ج٧،ص٣٠٢.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

زانستخوازان ڕویان تێکردوه و سودیان لێ وەرگرتووه، ئەمیش دانراوی گرنگی لەم بوارەدا هەیە لەوانە کتێبێك بەناوی (شرح الدريدية) (٦٩).

**ملخص البحث**

جزيرة ابن عمر ربما خافية عن أذهان كثيرين، وهي التي لبت نداء الفتح الاسلامي في بدايات، وشاءت الظروف ان تتحول دويلات و امارات ،الا ان الكورد ومن خلال علمائه استطاع استنهاض الهمم و التوعية المباركة من العمل في كثير ميادين العلوم وسقى شجرة المعرفة العلمية بقوة حتى بسقت و غطت باغصانها مساحات واسعة ، لتبقى بصمة العالم الكوردي تشع في الافاق و تحتفظ بقوة لخدمة علوم شتى ماتزال تعبق في يستان المعارف ألقا و نشرا.

ومن هنا يمكن ان يعد علماء الكورد خير سفير للعلوم في أحلك الظروف ..وينبغي للكوردي أن يعرف ذلك التاريخ و شيئا عن علمائه و الموضوعات التي تناولها جهابذة علمائه..و الشئ بالشئ يذكر..


# Abstract

Botan Island (Ibn Omer) might not be heard by many people, it answered the Spread of Islam from the very beginnings, which lead to the formation of states and emirates. the Kurds managed to awaken the inspiration and awareness through its scientists by working in many fields of science and watered the tree of scientific knowledge strongly until it covered wide areas with its branches, making the finger prints of Kurdish scientists lighten the horizons and affectively maintain serving various types of science which is still glowing in the garden of knowledge in verbal and written form. Hence, Kurdish scientists could be considered the best ambassadors of knowledge during the worst circumstances. Therefore, Kurds must identify this history and some information about its scientists as well as the topics they have addressed .


(٦٩) بروانه : الصفدي، الوافي بالوفيات ،ج٧،ص٣٠٢، السبكي، طبقات الشافعية، ج٨، ص٢٩.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## المصادر والمراجع

**القرآن الكريم**

**– ابن الأثير، عز الدين أبي الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبد الكريم بن عبد الواحد الشيباني ( ت ٦٣٠ هـ / ١٢٣٢م )**

**٢- الكامل في التاريخ، تحقيق ابي الفداء عبد الله القاضي، ط ٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤١٥هـ/ ١٩٩٥م**

**– ابن أبي اصيبعة، موفق الدين أبو العباس أحمد بن القاسم الخزرجي(ت ٦٦٨هـ/١٢٦٩م)**

**٣- عيون الأنباء في طبقات الأطباء، تحقيق د. نزار رضا، منشورات دار مكتبة حياة، د.ت**

**– البخاري، ابي عبد الله محمد بن إسماعيل بن ابراهيم، (ت ٢٥٦ / ٨٦٩م)**

**٤- صحيح البخاري، ترقيم وترتيب: محمد فؤاد عبدالباقي، ط١، دار ابن الهيثم، القاهرة ، ١٤٢٥ / ٢٠٠٤م**

**- ابن بريال، ابي بكرعبد الباقي بن محمد(ت ٥٠٢ هـ/ ١١٠٨م)**

**5 -تاريخ ابن بريال، دراسة و تحقيق، بهمن صالح، ط ١، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ٢٠١٤م**

**– ابن بطوطة ، أبو عبد الله محمد بن ابراهيم اللواتي(ت ٧٧٩هـ/١٣٧٩م)**

**6- رحلة ابن بطوطة، ط ١، دار صادر، بيروت ٢٠٠١م**

**- البيضاوى، عبد الله بن عمر( ت ٦٨٥هـ /١٢٨٦ م)**

**7- منهاج الوصول الى علم الأصول، تعليق : مصطفى شيخ مصطفى، ط ١، مؤسسة رسالة الناشرون، ديمشق و بيروت ، ٢٠٠٦م**

**– ابن الجزري، شمس الدين أبو الخير محمد بن محمد (ت٨٣٣ هـ / ١٤٢٩م )**

**8- غاية النهاية في طبقات القراء، ط ٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤٠٠هـ / ١٩٨٠م**

- ابن حبان، أبو حاتم محمد بن حبان بن أحمد التميمى البستى (ت٣٥٤هـ / ٩٦٥م)

9- الپقات، تحقيق السيد شرف الدين أحمد، دار الفكر، بيروت، (١٣٩٥هـ / ١٩٧٥م)

**– ابن حجر العسقلاني، شهاب الدين احمد بن علي بن محمد بن محمد(ت٨٥٢ / ١٤٤٨م)**

**10- الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة، ط: ٢، تحقيق : محمد عبد المعيد ضان، مجلس دائرة المعارف العثمانية - صيدر اباد/ الهند، 1392هـ/ ١٩٧٢م**

**11- فتح الباري في شرح صحيح البخاري ، ج١، تحقيق محمد فؤاد عبد الباقي و محي الدين الخطيب، دار المعرفة، بيروت، ١٣٧٩هـ**

**12- لسان الميزان، تحقيق دائرة المعرفة النظامية، ط ٣، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات ، بيروت، ١٤٠٦ / ١٩٨٦م**

**– ابن خلكان، أبي العباس شمس الدين احمد بن محمد بن أبي بكر ( ت٦٨١هـ / ١٢٨٢م )**

**13- وفيات الأعيان و أنباء أبناء الزمان، تحقيق د. إحسان عباس، دار الثقافة، بيروت، ١٣٨٨ هـ/ ١٩٦٨م**

**– الذهبي، أبو عبد الله محمد بن احمد الدمشقي (ت ٧٤٨ هـ / ١٣٤٧م )**

**14- تذكرة الحفاظ ، المعارف العثمانية، ط٤ ، حيدر آباد، ١٩٧٠م**

**5١- سير أعلام النبلاء، تحقيق شعيب الارنؤوط و محمد نعيم العرقوسي، ط ٩، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٤١٣هـ / ١٩٩٣م**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

16- العبر في خبر من غبر، تحقيق د.صلاح الدين المنجد، ط ٢، مطبعة حكومة الكويت، الكويت، ١٣٦٩ ﻫ / ١٩٤٨م
– ابن رجب الحنبلي، زين الدين أبو الفرج عبد الرحمن بن أحمد ( ت٧٩٥هـ / ١٣٩٢م)
17- الذيل على طبقات الحنابلة، تصحيح محمد حامد الفقي، مطبعة السنة المحمدية، القاهرة
- الزمخشرى، محمود بن عمر أبو القاسم جار الله( ٤٦٧-٥٣٨هـ)
١٨- تفسير الكشاف، تحقيق : خليل محمود شيحا، ط٣، دار المعرفة، بيروت، ١٤٣٠هـ/ ٢٠٠٩م
- السبكي، تاج الدين بن علي بن عبد الكافي( ت ٧٧١ هـ / ١٣٦٩م )
١٩- طبقات الشافعية الكبرى، تحقيق د. عبد الفتاح محمد الحلو و د. محمود محمد الطناحي، دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والاعلان، الجيزة، ١٤١٣ﻫ/ ١٩٩٢م
- السمرقندي، أبو الليث نصر بن محمد بن أحمد بن إبراهيم (المتوفى: ٣٧٣هـ/٩٨٣م
٢٠- بحر العلوم، تحقيق : د.محمود مطرجي ، دار الفكر ، بيروت، د.ت
– السيوطي، جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر ( ت ٩١١ ﻫ / ١٥٠٥م )
21 -الاتقان في علوم القرآن، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1394هـ/ ١٩٧٤ م
– ابن شداد، عز الدين محمد بن علي بن ابراهيم( ت٦٩٤هـ)
22 - الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة، تحقيق دمينك سورديلي ، المعهد الفرنسي( دمشق ١٩٥٣م)
الصفدى، صلاح الدين خليل بن أيبك بن عبد الله الصفدي (ت ٧٦٤هـ/ ١٣٦٢م )
23 - الوافي بالوفيات، تحقيق : أحمد الأرناؤوط وتركي مصطفى، دار إحياء التراث ، بيروت،1420 هـ- ٢٠٠٠م
- ابن صلاح الشهرزوري، أبو عمرو عثمان بن عبد الرحمن الكردى" ٥٧٧-٦٤٣ ﻫ"
24 -علوم الحديث، دار الفكر ، دار الفكر المعاصر، ١٤٠٥هـ/ ٢٠٠٤م
– ابن العبري، أبي الفرج غريغوريس بن أهرون الملطي، ( ت٦٨٥هـ/ ١٢٨٦م)
25- تاريخ مختصر الدول، وضع حواشيه خليل المنصور،ط ١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٧م
– ابن العماد الحنبلي، أبو الفلاح عبد الحي بن العماد ( ت ١٠٨٩ﻫ / ١٦٧٨م )
26- شذرات الذهب في اخبار من ذهب، تحقيق: محمود الأرناؤوط، ط: ١، دار ابن كثير، دمشق – بيروت، ١٤٠٦ هـ / ١٩٨٦م ، و طبعة دار أحياء التراث العربي، بيروت، د.ت
- ابن قاضي شهبة،ابو بكر بن احمد بن محمد بن عمر ( ت٨٥١ ﻫ / ١٤٤٧م )
27- طبقات الشافعية، تحقيق د. الحافظ عبد العليم خان، ط١، دار عالم الكتب، بيروت، ١٤٠٧ ﻫ / ١٩٨٦م
- ابن كثير، عماد الدين أبو الفداء اسماعيل بن عمر بن كثير الدمشقي ( ٧٧٤ﻫ / ١٣٧٢م )
٢٨- البداية والنهاية، خرج أحاديثه أحمد بن شعبان بن أحمد و محمد بن عبادي بن عبد الحليم، ط ١، مطبعة الصفا، القاهرة، ١٤٢٣ ﻫ / ٢٠٠٣م
– مسلم،ابي الحسين مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري (ت٢٦١ﻫ / ٨٧٤م )
٢٩- صحيح مسلم،ترقيم ووضع الفهارس : محمد بن نزار تميم و هيثم بن نزار تميم، ط١، دار الأرقم بن أبي الأرقم، بيروت، ١٤١٩ ﻫ /١٩٩٩م
– المقدسي،، أبو عبد الله محمد بن أحمد البشاري(380هـ/ 990/م )

٣٠- احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم، تحقيق غازي طليمات، وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق، ١٤٠١هـ /١٩٨٠م

– ياقوت الحموي، أبي عبد الله شهاب الدين ياقوت بن عبد الله الحموي الرومي البغداي ( ت٦٢٦ هـ/١٢٢٨م )

٣١- معجم الأدباء، تحقيق: إحسان عباس، ط: ١، دار الغرب الإسلامي، بيروت، ١٤١٤ هـ / ١٩٩٣م

٣٢- معجم البلدان، قدم لها محمد عبد الرحمن المرعشلي، دار أحياء التراث العربي، بيروت، د.ت

**ثانيا : المراجع الحديثة:**

– اسماعيل، محمود

٣٣- تاريخ الحضارة العربية الاسلامية،ط ١، مكتبة الفلاح، الكويت، ١٩٨٩م

- البابانى، اسماعيل باشا بن محمد البغدادي (ت١٣٣٩هـ / ١٩٧٤م)

٣٤- هدية العارفين اسماء المؤلفين والمصنفين، استانبول، ١٩٥١ هـ / ١٣٧١م، اعادة طبعه : دار إحياء التراث العربي بيروت – لبنان

– التكريتي، محمود ياسين

٣٥- الامارة المروانية في ديار بكر و الجزيرة، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٠م

- - الزركلي، خير الدين

٣٦- الاعلام قاموس تراجم للأشهر الرجال والنساء من العرب والمستعربين والمستشرقين،ج٥ ، دار العلم للملايين، بيروت، ١٤٠٩هـ/ ١٩٨٨م

– سعيد، أحمد ملا فائق

٣٧- مصطلح الحديث، د.م.ط، ١٤٢٨هـ/ ٢٠٠٧م

– عبد اللطيف، حسن صبحي احمد

٣٨- أحكام المواريث في الشريعة الإسلامية، مطبعة النهضة العربية-١٩٧٦م

– كحالة، عمر رضا، معجم المؤلفين تراجم مصنفي الكتب العربية

٣٩- مطبعة الترقي، دمشق، ١٣٨٠هـ/ ١٩٦٠م

- محماس بن عبد الله بن محمد الجلعود

٤١– الموالاه والمعاداه فى الشريعه الآسلاميه، گ١، دار اليقين للنشر والتوزيع،1407هـ /١٩٨٧م

**ثالثاً: الرسائل الجامعيه**

آكو برهان محمد

٤٢- الحياة العلمية في دياربكر و جزيرة ابن عمر من القرن ٥-٧ هـ/ ١١-١٣م، رسالة ماجستير المقدمة الى كلية الآداب ، جامعة صلاح الدين، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠٠م


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)